www.kurdistannet.org
17-2-2007 22:50 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سێ وولات پێشبڕکێی میوانداریێتی کاسی کیشوەری ئاسیا دەکەن ... ئەنوەر خەراجیانی



دیارە سێ وولات لە کیشوەری ئاسیا پێشبرکێی میوانداریێتی کاسی 2011 ی ئاسیا دەکەن، وولاتەکانیش ئێران و قەتەر و هندستانە، لەهەمان کاتدا یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ڕایگەیاند کەپێویستە ئەم سێ وولاتە داواکاری یەکانیان بە نووسراو پێشکەش بکەن پێش بەرواری 1 نیسان / ئەپریلی داهاتوو کە لە بەرواری 28 ی تەمووز / یۆلیۆ 2007 ناوی ئەو وولاتە ڕادەگەیەنرێت کە میوانداری ئەم پالەوانێتی یە دەکات لە کاتی یاری کۆتایی کاسی وولاتانی ئاسیای 2007 کە بڕیارە لە چوار دەوڵەت ساز بدرێت ئەوانەش تایلاند، مالیزیا، ڤێتنام، ئەندونیسیا. شایانی باسە وولاتی قەتەر سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بە دەست هێنا لە کاتی میوانداریێتی خولی یاری یەکانی ئاسیالە کانوونی یەکەمی / دیسەمبەری 2006، لە کاتێکدا نیودلهی پایتەختی هند میوانداریێتی یاری یەکانی کۆمنۆلس دەکات ساڵی 2010.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.